# (کاریگەریی حافظی شیرازی لەسەر صافی هیرانی)

# (تأثير الحافظ الشيرازي على الصافي الهيراني)

# The Influence of Hafez Shirazi on Safi Hirani

## (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)

(PP 331 - 349)

بارزان علی پیرۆت
Barzan ali pirot
مامۆستای یاریدەدەر
زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
Barzan.pirot@uor.edu.krd
ژ.م: ٠٧٥٠١٥٥٧٦٦٧

کاروان سلیم قیطران
Karwan Saleem Qaitaran
مامۆستای یاریدەدەر
زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ
karwan.saleem@uor.dedu.krd
ژ.م: ٠٧٥٠٩٦٤٤٩٩١

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**

**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.20**

## پوختە

**کاریگەریی حافظی شیرازی لەسەر صافی هیرانی**

(کاریگەریی (حافظی شیرازی) لەسەر (صافی هیرانی)) ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە و بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی فەڕەنسی لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدراوە.

سادەترین پێناسەی کاریگەریی ئەوەیە، کە نووسەرێک یا چەند نووسەرێک لە ئەنجامی خوێندنەوە و کاریگەریبوون بە ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی نەتەوەیەکی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم کاریگەرییەش بە ئاشکرا لە نووسین و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، هەربۆیە بە ڕای زۆرینەی نووسەران ئەدەبی پاک و بێگەرد و دوورەپەرێز نییە، بەڵکو هەموو ئەدەبێک کەم تا زۆر لاساییکردنەوە و چاولێکەری ئەدەبی دیکەی بەسەرەوەیە.

ئەدەبی کوردیش لە کۆن و نوێدا لەژێر هەژموونی ئەم کاریگەرییە بەدەرنەبووە، بە تایبەتیش هەژموون و کاریگەریی ئەدەبی فارسی بەسەریەوە، کە لە چەند ڕێگەیەکەوە لە نێو بەرهەمی شاعیرانی ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە.

یەکێک لەو شاعیرانەشی کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی (حافزی شیرازی)، (صافی هیرانی)یە، کە (صافی هیرانی) فارسیزانێکی باشبووە، بە جۆرێک لە کۆی (٢١٨) شیعر (١٤٩)یان بە زمانی فارسی و (٥٥)یان بە زمانی کوردی نووسیوە، ئەم شیعرانە سەربارەی ئەوەی فارسییەکی ڕەوانیان تێدا بەکارهاتووە، شێواز و بیرکردنەوەی (حافزی شیرازی)ش بە ڕوخسار و نێوەڕۆکەکیانەوە دیارە.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەوڵێک بۆ نیشاندانی ئەم پێوەندی و کاریگەربوونە لە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە بە پێی بنەماکانی میتۆدی پەسنی (وەسفی)، لە ژێر ڕۆشنایی و بنەماکانی قوتابخانەی فەڕەنسی بەراوردکاری.

گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە نیشاندانی کاریگەربوونی شاعیرێکی دیاری قوتابخانەی بابانە، چونکە وەک ئەوەی ئێمە بزانین زۆرینەی توێژینەوەکانی بەر لە ئێمە بۆ شاعیرانی سێکوچکەی بابان تەرخانکراوە، بە دەگمەن ئاوڕ لە شاعیرانی تر دراوەتەوە، بۆیە ئێمە ویستمان ئەم کارە تایبەت بکەین بەم شاعیرە، هەروەها خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لە کارەکانی پێشووتر ئەوەیە، کە گرنگی بە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆک دەدات، واتە تەنیا جەختی لەسەر لایەنێکی دیاریکراو نەکردووەتەوە.

سروشت و پێکهاتەی توێژینەوەکە ئەوە دەخوازێت، جگە لە پێشەکی وەک سەرەتا و دەروازەیەک بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێکی زانستی دابەشی سەر دوو بەش بکرێت، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: ئەم بەشە بە شێوەیەکی گشتی (دەروازەیەک بۆ ئەدەبی بەراوردکاری) و (بنەما و میکانیزمی قوتابخانەی ئەدەبی فەرەنسی و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی) و (ئەدەبیاتی کوردی و کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی بێگانە)ی تێدا خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم: ئەم بەشەش (کاریگەربوونی صافی هیرانی بە ئەدەبی بێگانە و هۆکارەکانی) و (بەراوردکردنی شیعرەکانی صافی و حافظ)ـە، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ناونیشانی توێژینەوەکەمانەوە هەیە لە هەردوو لایەنی ڕووخسار و نێوەرۆکەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم بەراوردکارییە و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی (کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی) خاوەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: ئەدەبی بەراوردکاری، کاریگەری، کاریگەربوون، (حافظ)ی شیرازی، صافی هیرانی.

## پێشەکی

(کاریگەریی حافظی شیرازی لەسەر صافی هیرانی)) ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە و بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدراوە.

سادەترین پێناسەی کاریگەریی ئەدەبی ئەوەیە، کە نووسەرێک یا چەند نووسەرێک لە ئەنجامی خوێندنەوە و کاریگەریبوون بە ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی نەتەوەیەکی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە و ئەم کاریگەرییەش بە ئاشکرا لە نووسین و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، هەربۆیە بە ڕای زۆرینەی نووسەران ئەدەبی پاک و بێگەرد نییە و، ئەگەر هەشبێت دوورەپەرێز و دابڕاوە لەهەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەری ڕوودەدەن و بێ ئاگایە لە هەموو ئەو پیشکەوتنانەی کە ئەدەبیاتی ئەو میللەتانە بەخۆیەوەدەبینن، بۆیە هەموو ئەدەبیاتێکی زیندوو کەم تا زۆر لاساییکردنەوە و کاریگەریی ئەدەبی دیکەی بەسەرەوەیە.

ئەدەبی کوردیش لە کۆن و نوێدا لەم کاریگەرییە بەدەرنەبووە، بە تایبەتیش هەژموون و کاریگەریی ئەدەبی فارسی بەسەریەوە، کە لە چەند ڕێگەیەکەوە لە نێو بەرهەمی شاعیرانی ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە

یەکێک لەو شاعیرانەشی کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی (حافظی شیرازی)ی گەورە شاعیری ئێران (صافی هیرانی)یە، کە فارسیزانێکی باشبووە، بە جۆرێک لە کۆی (٢١٨) شیعر (١٤٩)یان بە زمانی فارسی و (٥٥)یان بە زمانی کوردی نووسیوە، ئەم شیعرانە سەربارەی ئەوەی فارسییەکی ڕەوانیان تێدا بەکارهاتووە، شێواز و بیرکردنەوەی (حافظ )ی شیرازیش بە ڕوخسار و نێوەرۆکەکەیانەوە دیارە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی (وەسفی شیکاریی بەراوردکاری)یە، لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە (چەمك و زاراوەی بەراوردی ئەدەبی، پێناسەی بەراوردی ئەدەبی، بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا) و (قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی، بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی) و (ئەدەبیاتی کوردی و کاریگەریی بە ئەدەبی بێگانە)، (هۆکارەکانی کارتێکردنی ئەدەبی فارسی لە ئەدەبی کوردی)، پێکدێ.

بەشی دووەم لە (صافی هیرانی و کاریگەربوون بە ئەدەبی فارسی) و (بەراوردکردنی شیعرەکانی حافظی شیرازی و صافی هیرانی) پێکدێت.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم بەراوردکارییە و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی (کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی) خراوەتەڕوو.

**١ــ بەشی یەکەم:**

**١ــ ١ــ دەروازەیەک بۆ ئەدەبی بەراوردکاری**

**١ــ ١ــ ١ــ چەمك و زاراوەی بەراوردی ئەدەبی**

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار وەکو زاراوەیەکی زانستی بەکارهاتبێ لە سەدەی نۆزدەیەم بوو کاتێ (ئیبێل فرانسوا ڤیلمان) رەخنەگری بەناوبانگی فەرەنسی لە ساڵی 1827ز لە محازەرەکانیدا ئاماژەی بە بەراوردی ئەدەبی کردووە (محمد ئەحمد حسن، ٢٠٠٧: ١٠٤).فەرەنسییەکان بە Litterature Compara و ئەڵمانییەکانیش بە Vergleichenda Literure و ئینگیلیزەکان بە Comparative Litterature و فارسەکان بە ێداب تگبیقی و عەرەبەکان بە الادب المقارن و کوردیش بە ئەدەبی بەراوردکاری ناوی بردووە (عەزیز گەردی، ١٩٧٨: ٥). هەروەکو دیارە زاراوەکانی هەر زمانێك یەك مانا دەگەیەنن و هەر یەکەیان کە لێی ووردببینەوە زاراوەکانیان وشە فەرهەنگییە زمانییەکانی وەرگرتووە و کردویانەتە زاراوە (مصطلع ــ termin) (د. مارف خەزنەدار، ٢٠٠٧: ١٤) بۆ ئەو زانستەی کە سەروکاری لەگەڵ بەراوردکردنی دەقەکانە لە زمانی جیاجیا.

لەدوای ڤیلمان لە ساڵی 1832ز (ژان ژاك ئەمپێر)* لە مەرسیلیا باسی ئەم زاراوانەی کردبوو و دوای ئەویش لەساڵی 1835ز (فیلارین شال)* بە نووسین لە (کۆواری پاریس) لە بابەت ئەدەبی بەراوردکارییەوە چەند وتارێکی نووسیبوو دوای ئەویش هەریەك لە (هینری هالام) کە لەساڵانی 1837-1839ز بیرەوەرییەکانی سەبارەت بە ئەدەبی بەراوردکاری کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە (د. مارف خەزنەدار، ٢٠٠٧: ١٥).

لێرەدا گرنگترین شت پێویستە لە بەرچاو بگیرێ سەبارەت بە بەراوردی ئەدەبی ئەوەیە کە ئەم چەمکە لەکاتی بەکارهێنانیدا پێویستە بۆ مەبەستی سەرەکی خۆی بەکاربێت، کە پیشاندانی رووی لێکچوون و سەلماندنی کاریگەری ئەدەبەکانە بە زمانی جیاواز لە نەتەوە جیاوازەکانە.

**١ــ ١ــ ٢ــ پێناسەی بەراوردی ئەدەبی**

سەبارەت بە پێناسەکردنی بەراوردی ئەدەبی کۆمەڵێك پێناسە هەن، کە دید و تێگەیشتنی نوسەر و لێکۆڵەرانی پێوەدیارە و جیاوازی لە پێناسەکردنەکانیان دەبینرێ وێرای هاوبەشیان لە هەندێ خاڵدا. هەر ئەم هاوبەشی لە پێناسەکانیشدا وایکردووە چەمکی بەراوردی ئەدەبی بە یاساغی بمێنێتەوە.

هەرچی فەرەنسییەکانن بەراوردی ئەدەبی لە چوارچێوەی زمان و مێژووی ئەدەبەکاندا کورت دەکەنەوە. بەڵام بێ لە فەرەنسییەکان و قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی هەریەك لە قوتابخانەی سلاڤی و ئەمریکیە سنووری بەراوردی ئەدەبی فراوانتر دەکەن و پەیوەندییەکانی ئەدەب بە زانست و هونەرەکانیترەوە دەبەستنەوە و لە سنووری زمانی جیاواز و مێژووی دەقەکاندا دەیهێنێتە دەرەوە و ئەدەب بە چالاکتر لە فەرەنسییەکان دەبینن.

لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسەیەکی بەراوردی ئەدەب بخەینە روو:

(ماریۆس فرانسوا گۆیار)* دەڵێ: بەراوردی ئەدەبی ((ئەو زانستەیە، کە مێژووی پەیوەندییە ئەدەبییەکانی جیهانی تۆماردەکا و و لێکۆڵەری ئەو زانستە لە تخووبی هەرێمی ناوەستێ چ لەبواری زمان بێ یان ئەدەب، بەڵکو هەوڵی زانینی ئەو بابەت و هزر و کتێب و هەستانە دەدات، کە ئەدەبیاتێ لەگەڵ ئەدەبیاتێکی دیکەدا ئاڵوگۆری دەکات)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ١٥). هەروەك لە پێناسەکردنەکەدا دیارە گۆیار شەرحی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی دەکات و ئاماژە بە پەیوەندی مێژوویی و زمانی جیاواز کردووە و بەراوردی ئەدەبی وابەستە بە زمانی جیاواز و پەیوەندی مێژووی کردووە.

---

* ژان ژاك ئەمپێر (١٨٠٠ــ ١٨٦٤)، نووسەر و مێژوونووسێکی فەرەنسییە. دانەری گەلێ کاری مێژوویی ئەدەبی فەرەنسی بووە.
* فیلارێت شال (١٧٩٨ــ ١٨٧٣)، رەخنەگرێکی بواری ئەدەبیاتی فەرەنسایە. لە بواری گاریگەری ئەدەبیاتی ئیسپانی لەسەر ئەدەبیاتی فەرەنسی و ئیتاڵی، گەلێ توێژینەوەی ئەنجامداوە.
* ماریا فرانسوا گۆیار، ئەدەبناسێکی هاوچەرخی فەرەنسییە. نووسەری کتێبی (ئەدەبناسیی بەراوردکارییە).

هەرچی (هنری ڕیمارك)ـە دەڵێ: ((بەراوردی ئەدەبی وا لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب دەکا لە سنوری تایبەتی دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە نەوەستێ و بەشێوەیەکی وابێ کە بریتی بێ لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و لایەنەکانی دیکەی مەعریفە وەکو هونەرەجوانەکان و فەلسە و مێژوو و زانستە کۆمەلایەتی و تاقیکردنەوەیی و ئایینەکان)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ١٦ــ ١٧). وەك دەبینین ریمارك لە پێناسەکەی سەرەوە، مەبەست پێناسەکەی (گۆیار)ە. سنووری لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبی زۆر بەرفراوان دەکات و ئەدەب بەراورد دەکات بە هزرەکانی تر و فەلسەفە و ئایین. ئەگەرچی وەکو گۆیار خۆی لە پەیوەندی مێژوویی و زمانی جیاواز و سنوری جیاواز لانەداوە. وەکو دەبینین پێناسەکەی ریمارك نزیکمان دەکاتەوە لە ینەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی ئەمریکی.

هەروەها (محمد عنیمی هیلال) بەمشێوەیە لە پێناسەکردنی بەراوردی ئەدەبی دەڕوانێ: لە بەیەکگەیشتنی ئەدەبیاتە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی ڕابردوو و ئێستای ئەدەبیاتەکان دەستنیشان بکات و لایەنەکانی کارتێکردن و کاریگەربوونیان ڕوون بکاتەوە (د. محمد غنیمی هلال، ١٩٧٧: ١٤). بۆچوونەکەی هیلال ڕوونە هەوڵیداوە پێناسەیەکی پوختی بەراوردی بکات لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی و پرەنسیپەکانی قوتابخانەکەی لە پێناسەکەیدا جێکردۆتەوە.

هەروەها (عبده عبود) لە سادەترین پێناسەدا دەڵێ: بەراوردی ئەدەبی ((بریتییە لە خستنەڕووی و بەراوردکردنی چەند ئەدەبێك لە نێو چەند گەلێکی جیاوازدا)) (د. عبده عبود، ١٩٩٩: ٢٣).

وەك ڕوونە پێناسەی بەراوردی ئەدەبی لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکیتر و قوتابخانەیەك بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت، بەڵام ڕوونترین و گشتگیرترین پێناسە لە ژێر ڕۆشنایی پرەنسیپەکانی قوتابخانەی فەرەنسی، بریتییە لە بەراوردکردنی دوو ئەدەب یان زیاتر بە زمانی جیاواز و هەبوونی پەیوەندی مێژووی سەلمێنراو و ڕوونکردنەوەی کارتێکردن و کاریگەربوون بە بەڵگەی ڕوون و سەلمێنراو.

**١ــ ١ــ ٣ــ بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا**

بە درێژایی مێژوو میللەتانی دراوسێی کورد کە فەرمانرەوایی کوردیان کردووە، کلتور و رۆشنبیری خۆیان بەسەر کورددا سەپاندووە و ئەدەبی کوردیش کاریگەربووە بە ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ. ((بە پلەی یەکەم لە دێر زەمانەوە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی کاریگەریان بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە و لە سەردەمی نوێش کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی بە پلەی دووەم دێت)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ١٢١). ئەم کاریگەرییە و زانستی بەراوردکاری لای گەلانیتر هۆکاری سەرەکی بوون، کە ئەم زانستە بێتە جێی بایەخی لێکۆڵەرانی کورد.

تا حەفتاکانی سەدەی رابردوو بەراوردی ئەدەبی لای کورد لای لێنەکراوەتەوە و شێوەی زانستی وەرنەگرتبوو. لەو کاتەوە و بەرە بەرە چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری سەریان هەڵدا و تاکو سەرەتای نەوەدەکان گروتینی تێکەوت. دواتریش دوای ڕاپەڕین ئەم زانستە لەڕێگەی نامە ئەکادیمییەکانەوە چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری سەریانهەڵدا و زۆربەی هەرەزۆری ئەم لێکۆڵینەوانەش پێرەوی قوتابخانەی فەرەنسییان کردووە.

عەزیز گەردی لە کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری)دا سەرەتاکانی بەراوردی ئەدەبی کورد بەمشێوەیە پۆلبەند دەکات: (عەزیز گەردی، ١٩٧٨: ١٠٩)

**١/ سەرەقەڵەم:** ئەم شێوەیان باسێکی تەواوی وەرنەگرتووە و کاریگەرییەکەش بە بەڵگەی مێژوویی نیشاندراوە. لە شێوەی وتار خراوەتە ڕوو، بەشێوەیەکی گشتی لە پێشەکی دیوانی شاعیران و هەندێکیشیان بە کورتی لە کتێب دا ئاماژەیان پێکراوە. لەوانە:

**أ/ ئاماژە لە دیوانی شاعیراندا**

**ب/ ئاماژە لە کتێب**

**٢/ بەراوردکاری نازانستی:** نووسەر بەپێی بنەمای قوتابخانەی فەرەنسی (پەیوەندی مێژوویی و زمانی جیاواز) بەراوردی زانستی و نازانستی لە یەکتری جیاکردۆتەوە. لەوانە هەوڵەکەی عەلائەدین سەجادی، کە دوو ئەفسانەی کوردی و فەرەنسی بەراورد کردووە و عەزیز گەردیش بە بەراوردێکی نا زانستی داناوە، چونکە بەراوردکردنی ئەفسانە ناکەوێتە چوارچێوەی زانستی بەراوردی ئەدەبی.

هەروەها لێکۆڵینەوەکەی (د. مارف خەزنەدار) بەناوی (لەشاخەکانی کوردستانەوە بەرەو دەشتەکانی ئۆکرانیا) کە دوو شیعری مستەفا بەگی کوردی و و شیفچینکۆی ئۆکرانی بەراورد کردووە. بەڵام لێکۆڵەر بەڵگەی مێژوویی و کاریگەری پێ نەدۆزراوەتەوە، چونکە کوردی و شیفچینکۆ ئاگایان لە یەکتری نەبووە. بۆیە بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی بە لێکۆڵینەوەی نا زانستی هەژمار دەکرێت.

**٣/ بەراوردی زانستی:** بریتییە لەو لێکۆڵینەوەیەی کە پێرەوی لە بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی کردووە لە پەیوەندی مێژوویی و جیاوازی زمان و کارتێکردن و کاریگەربوون. وەکو لێکۆڵینەوەکەی (ئەمین موتابچی) بەناوی (بەراوردێك لە نێوان هەڵبەستێکی پوشکین و پیرەمێرد). بە نمونەی شیعری کاریگەری پوشکینی لەسەر پیرەمێرد سەلماندووە. ئەم هەڵبەستەی پوشکین بۆ فارسی و تورکی وەرگێردراوە و پیرەمێردیش هەڵبەستەکەی بینیوە.

دوای ئەم پۆلبەندییەی عەزیز گەردی و دوای نەوەدەکان چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و چاپکراو لەمەڕ بەراوردی ئەدەبی نووسراون و ئاوڕی زانستییان لێدراوەتەوە و بە چاوی بایەخەوە سەیرکراوە و زۆرینەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوەکانیش لەسەر بنەمای قوتابخانەی فەرەنسی ئەنجامدراون.

**١ــ ٢ــ بنەما و میکانیزمی قوتابخانەی ئەدەبی فەرەنسی و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی**

**١ــ ٢ــ ١ــ قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی فەرەنسی**

قوتابخانەی فەرەنسی (چاولێکەری مێژوویی)شی پێدەگوترێت. پەیڕەوی ئەم قوتابخانەیە بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەربوون لە نێوان دوو نمونەی ئەدەبی یان دوو دەقی جیاواز لە زماندا، زۆربەی ڕەخنەگرانی فەرەنسی لەسەر ئەم بۆچوونەن. وێڕای ئەوەی ڕەخنەگرێکی وەکو (ڕینیە ویلك) مەرجی هەبوونی زمانی جیاواز ڕەتدەکاتەوە. ئەمەش هاوبیری لەگەڵ قوتابخانەی ئەمریکی دەگەیەنێت (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ٩٦).

بەلای فەرەنسییەکانەوە هەر کۆمەڵگایەك خاوەنی تایبەتمەندی کلتوری خۆیەتی بۆیە کێشەکانیان جیاوازن، بەمپێیە ئەدەبەکانیشیان جیاوازن، کەواتە لێکچوونی ئەدەبەکان بۆ کارتێکردن و کاریگەربوون دەگەڕێتەوە.

بنەمایەکیتری قوتابخانەی فەرەنسی لایەنی مێژووییە (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ٩٧). واتە هەبوونی پەیوەندی مێژوویی لەنێوان ئەدەبی زمانە جیاوازەکان زانستی بوونی بەراوردەکە دەسەلمێنێ، بە نەبوونی پەیوەندی مێژوویی بەراوردەکە راست دەرناچێت.

لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە قوتابخانەی فەرەنسیدا ((لە لێکۆڵینەوەدا جەخت لەسەر رێبازی مێژوویی دەکاتەوە، چونکە ناسینەوەی مێژوویی یەکێکە لە گرنگترین مەرجەکانی بەراوردکردن، بۆیە پێڕەوکەرانی ئەم قوتابخانەیە بایەخێکی زۆریان بەم مەرجە دەدا کە لە سنووری بایەخدانیان بوو بە رەخنەی ئەدەبی بەراورد)) (د. ڕێزان ساڵح مەولود، ٢٠١٣: ٥٢). ناسینەوەی مێژوویی بایەخێکی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری فەرەنسی، چونکە هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە دوانییەکانی ئەدەبە جیاوازەکان. چونکە لێکۆڵەرانی سەر بە قوتابخانەی فەرەنسی پێیانوایە ئەدەبی بەراورد باس لە شوێنی بەیەکگەیشتنی نێوان زمانی ئەدەبە جیاوازەکان و پەیوەندییە فرە جیاوازییەکانی ئێستا و رابردوو دەکات.

لێرەدا تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی فەرەنسی لە چەند خاڵێکدا چڕدەکەینەوە:

1. دوو زمان و دوو ئەدەبی جیاواز بە مەرجێکی گرنگ دادەنێت لە بەراوردی ئەدەبیدا.
2. زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکاردەهێنن.

3. نابێ لە دەرەوەی ئەدەبی ئەوروپی بەراورد لەنێوان دەقەکان ئەنجام بدرێت.

4. بایەخێکی زۆر بە پەیوەندی مێژوویی دەدەن.

5. لایەنی کاریگەری لەنێوان ئەدیبان مەرجە، نەك بەرهەمی وێکچووی بێ ئاگالێبوون.

6. سنووری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ئەدەب بۆ ئەدەبە و ئەدەب بە هیچ هونەرێکیتر نابەستێتەوە.

**١ــ ٢ــ ٢ــ بنەماکانی بەراوردی ئەدەبی قوتابخانەی فەرەنسی**

قوتابخانەی فەرەنسی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە دوو ئەدەب یان زیاتر دەکۆڵێتەوە، بە مەرجێ ئەو دوو ئەدەبە بە زمانی جیاواز نووسرابن، لەگەڵ هەبوونی پەیوەندی مێژوویی لە نێوانیاندا. کەواتە قوتابخانەی فەرەنسی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی وەستاوە، ئەوانیش:

- جیاوازی زمان

- پەیوەندی مێژوویی

**أ/ جیاوازی زمان:** لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی بە زانستی دادەنرێت کە لەنێوان دوو ئەدەبی سەر بە دوو زمانی جیاواز ئەنجام بدرێ، وەکو بەراوردی نێوان (حافظ )ی شیرازی و (صافی هیرانی)، کە سەر بە دوو زمان و نەتەوەی جیاوازن. بەمپێیە ئەو بەراوردانەی لە یەك زماندا ئەنجامدەدرێن هەرچەندە سوودبەخش بن، بەڵام سەر بە بەراوردی ئەدەبی نین (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٤٧:٢٠١٤)، چونکە خزمەت بە ئەدەبی نەتەوەیی ناکەن و هیچ زیادەیەك ناخەنە سەر ئەدەبی نەتەوەیی و لە بازنەی نەتەوەیی دەرناچن.

ئەم بنەمایە (جیاوازی زمان) دژی بۆچوون و بنەمای قوتابخانەی ئەمریکی دەوەستێت، چونکە قوتابخانەی ئەمریکی پێیوایە ئەو دوو ئەدەبەی لە ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێ جیاوازە لەو ئەدەبەی بە زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا دەنووسرێ، چونکە بارودۆخی سروشتی و کۆمەڵایەتی ئەمریکا جیاوازە لە هی ئینگلتەرا (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ٤٧). لە قوتابخانەی ئەمریکیدا ڕوانینی زاڵ ئەوەیە ئەدەبی بەراوردکاری لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەی ئەدەبە جیاوازەکاندا (ئەو ئەدەبانەی بە زمانی جیاواز بەرهەم هاتوون) بەرتەسك دەبێتەوە. بە باوەڕی قوتابخانەی فەرەنسی تەنیا زمانەکە کەسایەتی ئەدیبێك دیاریدەکات. واتە بەراورد کاتێ دروست دەبێت کە دوو ئەدەبی سەر بە دوو ئەدەبی جیاواز بوونیان هەبێ و ئەدەبی زمانێك لەگەڵ ئەدەبی زمانێکیتردا بەراورد دەکرێ (محمد عبدالسلام کەفائی: ٢٠١١: ١٨). لەگەڵ هەبوونی پەیوەندی مێژوویی کە بنەماکەی تری قوتابخانەی فەرەنسییە.

**ب/ پەیوەندی مێژوویی:** هەر لە سەرەتاوە ((فەرەنسییەکان لایەنگیرییەکی تزۆریان بۆ مێژووی ئەدەب، نەک ڕەخنەی ئەدەب هەبوو. بە ڕای ئەوان ئەدەبی بەراورد دەبێ توێژینەوە لەبارەی مێژووی بەراوردکاری ئەدەبی بکات، ئەگەر بەراورد لە نێوان دوو ئەدەبدا کە پەیوەندی مێژوویی لە نێوانیان نەبێت، پێویستە ئەو بەراوردکارییە بەلاوە بنرێت)) (عزالدين المناصرة، ١٩٨٨: ٤٤). قوتابخانەی فەرەنسی لە زانستی بەراوردی ئەدەبیدا ((هۆکاری مێژوویی بە مەرجێکی بنەرەتی لێکۆڵینەوەکانی بەراوردی ئەدەبی دادەنرێ، لێکۆڵەرانی سەر بەم قوتابخانەیە زۆر گرنگی بەوە دەدەن کە بزانن ئەو بابەتانەی بەراورد دەکرێن پەیوەندی مێژوییان هەبێ و جۆرێ لە کارتێکردن و کاریگەربوونی لێوە پەیدا بووبێ)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ٤٨). ئەم کاریگەرییەش کاتێ دەردەکەوێ کە لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندی نێوان ئەدەب جیاواز لە زمانەکەدا هەستی پێبکرێ. واتە کاتێ لێکۆڵەران هەبوونی پەیوەندی مێژووییان سەلماند ئەوسا دەست دەکەن بە دۆزینەوەی لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان ئەم دوو ئەدەبە و جۆری کاریگەرییەکە روون دەکەنەوە، چونکە زۆرجار وا ڕێککەوتووە ((گەلێك چەندەها سەدە لەبەر کاریگەریی ئەدەبی گەلاندا بووە و سوودی لە بەرهەمی کولتوری گەلانیتر وەرگرتووە و خۆی تاڕادەیەك ماوەیەکی زۆر دەستەوسان بووە، کەچی لە سەردەمێکیتردا، لە کولتوری دنیادا بۆتە هێزێکی درەوشاوەی داهێنان)) (ئالیکسەندەر دیما،٢٠١١: ١٥١). بە واتایەکیتر مەرج نییە ئەو گەلەی سەردەمانێك لە ژێر کاریگەری ئەدەبی گەلانیتردا بووە، بۆ ئەبەد ئەم دۆخە جێگیربێ. ڕەنگە دوای سەردەمانێك هەمان ئەدەبی ئەو گەلە تیشکی کاریگەری بۆ ئەدەبیاتی دونیا بنێرێت.

کەواتە مێژوو یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی فەرەنسی بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری پێ ئەنجام بدرێت. بە نەبوونی پەیوەندی مێژوویی ئەدەبە جیاوازەکان لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی جێی بایەخپێدان نییە.

### ١ـ ٣ـ ١ـ ئەدەبیاتی کوردی و کاریگەریی بە ئەدەبی بێگانە

ئەدەبیاتی کوردی وەك ئەدەبی هەر نەتەوەیەك لەژێر کاریگەری ئەدەبی نەتەوەکانیتردا بووە، بەتایبەتی ((لە سەدەی نۆزدەدا، کوردستان بەسەر هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانییدا دابەشبوو. دواتریش لە سەدەی بیستەمدا بەسەر هەر چوار وڵاتی عێراق، ئێران، سوریا، تورکیا دابەشکرا. بۆیە لەو دوو قۆناغەدا ئەدەبی کوردی راستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئەدەب و زمانی فارسی و تورکی و عەرەبیدا بوو)) (د. ڕێزان ساڵح مەولود، ٢٠١٣: ٦٣). بەمەش هەریەك لەو وڵاتە دراوسێ کۆڵۆنیانەی کە فەرمانداریەتی کوردیان کردووە کلتور و رۆشنبیری و زمانی خۆیان بەسەر کورددا فەرزکردووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەدەبی کوردی لەو سەردەمدا بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەدەبی دراوسێ ((بە پلەی یەکەم لە دێر زەمانەوە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی کاریگەریان بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە و لە سەردەمی نوێشدا ئەدەبیاتی ئەوروپی بە پلەی دووەم دێت)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ١٢١). ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا و چاپ و بڵاوکردنەوە و بوونی نووسەرانی کورد لە وڵاتانی جیا جیای جیهان.

بێگومان لەو ئانوساتەدا ئەدەبی کوردی کارتێکراو بووە نەك کاریگەر، هەروەك ئەو کارتێکردنە بە ڕوونی بە ئەدەبیاتی کوردییەوە دیارە و ئەمەش لە نێو دنیای بەراوردکارییدا نەنگی نییە. دیاردەی کارتێکردن و کاریگەری ئاسایيە لە نێو ئەدەبی گەلاندا، چونکە دەبێتە هەوێنی داهێنان و جیهانبینی تازە و نیشانەی زیندوویی ئەدەبی کارتێکراو پیشاندەدا کە خۆی لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەپارێزێت.

بەهۆی ئەوەی ئەدەبی کوردی لە کۆنەوە بە چەند قۆناغێکی مێژوویی و سیاسییدا تێپەریوە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی بێگانە. زۆرجاریش لەپاڵ کاریگەری بێگانەدا نووسەران داهێنانیان لەنێو ئەدەبی خۆیاندا ئەنجامداوە و دەستبەرداری سروشتی شیعری کوردی نەبوونە.

### ١ـ ٣ـ ٢ـ هۆکارەکانی کارتێکردنی ئەدەبی فارسی لە ئەدەبی کوردیدا

لە کۆنەوە شاعیرانی کورد بەهۆی چەند هۆکارێکەوە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی هەبووە و ((کۆمەڵێ لەو شاعیرە کوردانە ئەدەبیاتیان بە زمانی فارسی نووسیوە و وازیان لە زمانی دایکیان هێناوە، یاخود لەگەڵ شیعری کوردی شیعری فارسیشیان نووسیوە)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٥: ١٣٠). ئەمەش شتێکی ئاسایيە، چونکە کورد لەگەڵ فارس هەر لە کۆنەوە بە هۆکارگەلێکەوە جۆرە پەیوەندی و تێکەڵییەکی فراوانیان هەبووە. تەنانەت ((بەشێکی زۆر لە وشە عەرەبییەکان لە ڕێگای ئەدەبی فارسییەوە گەیشتۆتە ئەدەبی کوردی و بە تایبەتی شیعر. شاعیرەکانمان لە کۆندا باوەڕیان وابووە کە بەکارهێنانی ئەو هەموو وشە و زاراوانە بەرزی و قووڵی و ڕەوانی و سەرکەوتنە لە شیعرەکانیاندا. هەندێکیان لەگەڵ ئەوەی کە لە ناو جەرگەی کوردستاندا دەژیان، بە جۆرێ هۆگری ئەدەبی فارسی بوون کە دیوانەکانیان فارسین و بە ڕێکەوت بە زمانەکەی خۆیان شیعریان نووسیوە)) (دکتۆر محەمەد نووری عارف، ١٩٧٤: ٧٣). هەروەها ((ئەدەبیاتی فارسی بەگشتی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی (خیام، سەعدی، حافز، مەولانای رۆمی و گەنجەیی ... هتد) لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان خوێندراون و ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی پەیدا کردووە)) (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ٢٠١٤: ١٣٠). ئەمە وێڕای ئەوەی کە زمانی هەردوو نەتەوە (کورد و فارس) جۆرە خزمایەتییەکیان هەیە و لە کۆمەڵە زمانی ئێرانین. ئەمە وێڕای ئەوەی کە شاعیرەکانمان ئەو بۆچوونەیان هەبووە ((بۆئەوەی خەڵکی بێبەش نەبن لە بەرهەمی شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی فارسی، بەشێکی زۆریان لێ وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، وەکو داستانەکانی شانامەی فیردەوسی و بەرهەمەکانی نیزامی گەنجەوی و عەتاری نیشاپووری و ... هتد)) (دکتۆر محەمەد نووری عارف، ١٩٧٤: ٧٣). کەواتە هۆکارگەلێکی زۆر هەن پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەریی قووڵ لە نێوان ئەدەبیاتی فارسی و کوردی بسەلمێنن. دەتوانین بڵێین: هەریەك لەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی کاریگەری ئەدەبی فارسی بەسەر ئەدەبی کوردی بریتین لە:

**١/ ئاینی هاوبەش:** وەك روونە هەریەك لە کورد و فارس پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام کەوتنە پێرەوکردنی و بە هەبوونی ئاینی هاوبەشیش هاونزیکایەتی لەنێوان ئەو دوو نەتەوەدا چڕبۆتەوە، چونکە هەردوو نەتەوە ((ناچار بوون بۆ تێگەیشتنی ئایینەکە خۆیان فێری زمانی عەرەبی و نزیکبوونەوە لە رۆشنبیری عەرەبی بکەن)) (عیماد وەیسی خالید، ٢٠٠٣: ٤٦).

**2/ دراوسێیەتی**: هۆکارێکی گرنگە، دەبێتە هۆی تێکەڵبوون و یەکتر ناسین و نزیکایەتی کلتور و رۆشنبیری ناوچەیی، هەروەها هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ گەشەی بازرگانی و تێکەڵی لە ئەفسانە و هونەر و کلتور. چونکە سنوری نێوانیان لە مەودایەکی زۆردا هاوبەشە.

**3/ زمان**: هەردوو زمانی کوردی و فارسی سەر بە یەك خێزانە زمانین. بەهۆی نزیکایەتی و هاوسنوری و خوێندنی ئەدەبیاتی فارسی بە گشتی و دیوانی شاعیرانی فارس لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان بەتایبەتی، جۆرە هاوبەشییەك لە وشە و دەستەواژە و رستەدا دروست بووە، کە بە هۆیەکی گرنگ دادەنرێ بۆ کاریگەری ئەدەبی.

**4/ خوێندن:** سەرەتای خوێندن لە کوردستاندا لە حوجرە و مزگەوتەکاندا دەستی پێکردووە، و دیوانی شاعیرانی فارس لەوانە: شیعرەکانی خیام و گەنجەیی و سەعدی...هتد، بە جدییەوە دەخوێندران و تەنانەت رۆشنبیری شاعیرانی کلاسیکی کوردی بۆ شیعرە ئاست بەرزەکانی فارس لەوانە: (گوڵستانی سەعدی) دەگەڕێنەوە. بەجۆرێ کە شاعیرانی کورد گوڵستانیان ئەزبەر کردوووە. ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بە ئاشنابوون بە ئەدەبی فارسی و کاریگەری بەسەر ئەدەبی کوردی، کە لەلای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردییەوە ئەم کاریگەرییە بەرچاو دەکەوێ.

**5/ بارودۆخی سیاسی:** بارودۆخی سیاسی سەردەم هۆکارێکیتری کاریگەری ئەدەبی فارسی بەسەر ئەدەبی کوردی بووە، چونکە دوای دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتانی دەوروبەر، کە یەکێکیان ئێرانە و هێرش و پەلاماری سەفەوییەکان و پەراوێزخستنی دەسەڵاتی کوردی و خستنە پاڵ خۆیان هۆکارێکیتری بەریەککەوتنی ئەدەبی کوردی و فارسی بووە.

**6/ بازرگانی:** بازرگانی پێویستی بە هاتوچۆکردن و سنوور تێپەڕاندن لەپاڵ گەڕان و تێکەڵبوون هەیە. لە بازرگانیدا فێربوونی زمانی بەرامبەر دێتە پێشەوە بەمەش ئاشنایەتی بە کلتور و ئەدەبەکەیان دروست دەبێ. هەندێ جاریش بازرگانەکان باشترین وەسیلە بوون بۆ دیتن و پشکنین و پەیداکردن و هێنانەوەی کتێبی باش بۆ وڵاتی خۆیان. کورد و فارسیش لە کۆن و ئێستاشدا بازرگانی و هاتوچۆی ئاشکرا و نهێنی بە گەرمی لەنێوانیاندا دەبینرێ.

**7/ گەشتوگوزار و سەفەرکردن:** یەکێکیترە لە هۆیە گرنگەکانی کاریگەری ئەدەبی فارسی بەسەر ئەدەبی کوردی. ئەم گەشت سەفەرکردنانە لە ئاستی شاعیرانی دیاری کوردیشدا دەبینرێ، لەوانە (نالی، سالم، کوردی، حەریق و (صافی) ... هتد) کە زۆرینەیان بەهۆی خوێندن و کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە سەفەریان کردووە.

**٢ــ بەشی دووەم:**

**٢ــ١ــ کاریگەربوونی صافی هیرانی بە ئەدەبی بێگانە و هۆکارەکانی**

**٢ــ١ــ١ــ (صافی) و کاریگەربوون بە ئەدەبی فارسی**

دوای ئەوەی هۆکارەکانی کارتێکردنی ئەدەبی فارسی بەسەر ئەدەبی کوردییەوە خرایە روو، ماوەتەوە کاریگەری ئەدەبی فارسی بە گشتی و شیعرەکانی (حافظ)ی شیرازی بەسەر شیعرەکانی (صافی)یەوە بسەلمێنرێ.

(صافی) کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی خۆشناوەتی (هیران)ە و لە بنەماڵەیەکی دیاری ئاینی و شێخانی سەر بە تەریقەتی قادرییە، ئاستی خوێندن و خوێندەواری شاعیر لە ئاستێکی بەرزدایە، چەندین شوێن گەڕاوە بۆ خوێندنی ئاینی و لەپاڵ خوێندنەوەی ئەدەبیاتی فارسی و زانینی زمانی فارسی.

(صافی) پێگەییوی زانستە جۆراوجۆرەکانی حوجرە و مزگەوت بووە، ئەم زانستانەش بە دوو جۆگەی فراوانی زمان دەگەیەنرایە فەقێ و خوودەرانی خوێندنی ئاینی حوجرەکان. زمانی فارسی بەجۆرێك کاری لە شاعیران و بوێژانی کورد کردبوو، کە زۆرجار مەراقی ئەدەبیاتی فارسی تا ئەو ڕادەیە لە مۆخ و کەللەی داون، هەندێ لە شاعیرانی کورد پێشبرکێی لێدەرچوون و گرەوی زمانی فارسیان لە خودی فارسەکان بردۆتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە شاعیرانی کوردی فارسی زانی وەکو (صافی) لەپاڵ وشە و زاراوەی عەرەبی چەندین وشە و زاراوەی فارسی و نزیك لە سۆفیانە لە شیعرەکانیدا دەبینرێ (دیوانی صافی، ٢٠٠٤: ١١٠).

شاعیر لە کۆی (218) شیعر (149) شیعریان بە زمانی فارسی نوسراون و تەنیا (55) بە زمانی کوردییە و (14) تورکی (7) تورکی بە پیتی عەرەبی و (7) تورکی بە پیتی لاتینی نوسراون و لەناو شیعرە کوردییەکانیش چوار خشتەکییەکی لەسەر غەزەلێکی (حافظ) نوسیوە. هەروەها لەناو شیعرە کوردییەکانیشدا وەك هەر شاعیرێکی کۆنی کوردی چەندین وشە و زاراوەی فارسی تێکەڵی شیعرەکانی کردووە.

(صافی) بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی بەسەرەوە بووە و گەلێ لە رەگەزەکانی کلتور و فەرهەنگی فارسی لەنێو شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە، لەوانەش:

1/ بەکارهێنانی گەلێ وشە و زاراوەی فارسی.

2/ ناوهێنانی هەندێ شوێن و شاری ئێران و شاعیرانی فارسی.

3/ بەکارهێنانی هونەری ڕەنگامە لە شیعردا بەجۆرێک لە دێرێکدا نیوە دێری یەکەم بە کوردی و نیوە دێری دووەم بە زمانی فارسی نوسیوە.

هەروەکو دەڵێت:

**دەردی دووری بەو طەبیبانە عیلاجی ناکرێ**

**(زام تقدیر ازل باداروئی لقمان مەکـــار؟)** (دیوانی صافی، ٢٠٠٤: ١٢٥)

**٢ــ ٢ــ بەراوردکردنی کارتێکردن و کاریگەریی صافی و حافظ**

**٢ــ٢ــ١ــ بەراوردکرنی شیعرەکانی حافظی شیرازی و صافی هیرانی**

کاریگەری (حافظ)بەسەر شیعرەکانی صافییەوە بە روونی هەستی پێدەکرێ و (صافی) بە وردی (حافظ)ی خوێندۆتەوە. لە شیعرە کوردی و فارسییەکانیشیدا ئەم کاریگەرییە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنێ شیعرە کوردییەکان بەراورد دەکەین و شیعرە فارسییەکان ناخەینە ڕوو، ئەمەش لەبەر سنوری ڕێگەپێدراوی قوتابخانەی فەرەنسی.

ڕۆشنبیری و جیهانبینی (صافی) بۆ خوێندنی حوجرە و مزگەوت و تەکییەکان دەگەڕێتەوە و هەرچی ((قوتابخانە ئاینییەکانە زۆر گرنگیان بە بەرهەمەکانی سەعدی و (حافظ) دەدا، لەوانە گوڵستان و بوستانی سەعدی و دیوانی (حافظ) لە زۆربەی خوێندنگاکان خوێندراوە لە کوردستان)) (سەردار ئەحمەد حەسەن، ١٩٩٣: ٦٧ــ ٦٨)، هەرچی کاریگەری (حافظ)ە بەسەر شاعیرانی کۆنی کوردەوە هەستی پێدەکرێ، بەتایبەتی لای (صافی)، چونکە (حافظ) ((شاعیری پایەبڵند و غەزەلخوانی کەم هاوتا و سۆفی گەورەی فارسە، زۆر کەم لە شاعیر و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و ئەدەبدۆستان ناوی (حافظ) یان شیعرە پر سیحر و ئەفسوناوییەکانیان نەبیستبێ و کاری خۆی لێ نەکردبێ)) (د. عەبدوڵا خدر مەولود، ٢٠١٣: ٤٤). دیارە شاعیرانی کورد مەبەستیان بووە شیعرەکانی خۆیان لە ئاستی شیعرەکانی (حافظ)دا ببیننەوە و زۆرینەشیان سەرکەوتوو بوونە.

لێرەدا کاریگەرییەکانی (حافظ) لەسەر (صافی) بە نمونەی شیعرییەوە دەخەینە روو:

(صافی) غەزەلێکی (حافظ)ی بە هەمان کێش و سەرواوە بە تۆزێک دەستکارییەوە کردووە بە کوردی و بەجۆرێک کە غەزەلەکەی (حافظ) شەش بەیتە و (صافی) هەربەیتێکی لە چوارچێوەی کۆپلەیەکی چوارخشتەکیدا داڕشتۆتەوە، یەکەم بەیتی شیعرکەی (حافظ)بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**چندان كه گفتم غم با طبيبان**

**درمان نكردند مسكين غريبان** (ديوان حافظ، 1384هـ-ش: ٦٠)

شیعرەکەی (صافی)ش دەڵێت:

**وەرنە تەماشا دۆست و ئەحیـــــان**

**ئەو بێ رەحمییەی دیم لە موحیبان**

**خەبەری دەردم چەند دا تەبیبـــــــان**

**دەرمانیان نەکرد زامی غەریـــــــان** (دیوانی صافی، ٢٠٠٤: ٢٩٦)

هەروەکو دیارە (صافی) بە هەندێک زیادە و پاش و پێشی مانایی ئەم بەیتەی شیعرەکەی (حافظ )ی لە کۆپلەیەکی چوارخشتەکیدا دەربڕیوە، بەڵام لەرووی فەلسەفەی مانا و دنیابینییەوە (صافی) هیچی بۆ شیعرەکەی (حافظ) زیاد نەکردووە.

دەبیت ئەوەش بڵێین کە (صافی) نەیویستووە کە ئینکاری لەم کاریگەریە زۆرەی تا ئاستی وەرگێران بکات، بۆیە هەر بۆخۆی وەکو سیمایەکی دیاری شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی لەپاڵ تەخەلوصی شیعری خۆی بە ئەمانەتەوە ناوی (حافظ)یش لە دوابەیتدا دەهێنێت، هەروەکو دەڵێت:

**ئەی دڵ لەم شۆرە قەت نابی شـــەیـــدا**

**گەر مەیلـت کردبـــا وەلایـــی بـــــەغـــدا**

**(صافی)یش وەك(حافظ)کەی دەبوو ریسوا**

**ئەگەر گـــــوێی دابا پەندی ئـــــەدیـــــان** (دیوانی صافی، 270:2004 )

دیارە ئەمەشی بە کاریگەری دوا بەیتی شیعرەکەی (حافظ) نووسیوە کە دەڵێت:

**حافظ نگشتی شیدای گیتـــی**

**گـر می شنیدی پنـد ادیـــــان** (دیوان حافظ، 1384هـ‌ش: 70)

دەتوانین هۆکاری ئەوەی کە (صافی) هەر بەیتێکی (حافظ)ی بە پارچەیەکی چوار خشتەکی دارشتۆتەوە بۆئەوە بگێڕینەوە کە (صافی) هێندەی (حافظ) دەستکراوەنەبووە تاکو ئەو واتای بەیتە فارسییەکەی (حافظ) لە بەیتێکی کوردیدا جێ بکاتەوە، بۆیە پەنای بۆ ئەم شیوازە بردووە.

کێشی شیعرەکەی (صافی) عەروزی بەحری (ڕەجەزی چواری مەتوی مرەففەل)ـە، ( عزیز گەردی، 1383 هـ‌ش: 443)، کە هەمان کێشی شیعرەکەی (حافظ)یشە، سەروای هەردوو شیعرەکەش (یان)ە.

(صافی) لەزۆر بەیتیدا کاریگەریی (حافظ)ی بە تەواوی و تا ئاستی وەرگێڕان بەسەرەوە دیارە و جگە کەمێك دەستکاری هیچ گۆڕانێکی ناوەڕۆکی بەسەر شیعرەکەدا نەهێناوە. بۆ نمونە:

(حافظ) دەڵێت:

**زاهد ضاهر پرست از حال ما اگاه نیســت**

**درحق ما هرچ گوید جای هیچ اکراه نیست** (دیوان حافظ، 1384هـ‌ش: 60)

واتە: (زاهیدی ڕووکار پەرست ئاگاداری حاڵی ئێمە نییە، سەبارەت بە ئێمە هەرچی بڵێت جێگەی هیچ ڕەنجانێك نییە). (ئەکرەم عەنەبی، ٢٠٠٨ب1، 251).

(صافی) دەڵێت:

**زاهید ئەگەر ئینکاری دەکەی دیدەنی خوبان**

**جەهلێکی مورەککەبتە نزانی کـــــە نزانی** (دیوانی صافی، 2004: 251)

لەم دێرەدا بە ئاشکرا کاریگەریی (حافظ) بەسەر (صافی)یەوە دەردەکەوێت، چ لە ڕووی ڕوخسارەوە بەوەی کە کیشی شیعرەکەی (صافی) کیشی عەروزی بەحری (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)ە، کە هەمان کیشی شیعرەکەی (حافظ)ە، بەڵام سەروای شیعرەکەی (حافظ)، کە (اە)ە جیایە لە سەروای شیعرەکەی (صافی)کە (انی)یە. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بابەتی شیعرەکەی (حافظ) (بێ ئاگایی زاهید)ە لە دەروون و باتینی و ئەمەش لە ناوەڕۆکی شیعرەکەی (صافی) دووبارەبۆتەوە.

لە دێرێکی تردا (حافظ) دەڵێت:

**حافظ از دست مده دولت این کشتی نوح**

**ورنە توفـــــان حـــوادث ببـــرد بنیـــادت** (دیوان حافظ، 1384هـ‌ش: 26)

واتە: ((حافظ) هاودەمی ئەم کەشتیی نوحە لە دەست مەدە، ئەگەرنا تۆفانی ڕووداوەکان لە ڕەگ و ڕیشەت دەردێنن) (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 123).

(صافی) دەڵێت:

**جانا وەرە وا غەرقەیی تۆفانی سروشکم**

**بێ نوحی وەفات نابێ نەجاتم بە سەفینە** (دیوانی صافی، 2004: 207)

لەم دێرەدا (صافی) هۆشیارانە کاریگەرییەکەی وەرگرتووە و بیرەکەشی بە جوانی دارشتۆتەوە و کاریگەرییەکە بە ڕوونی دیارە و وشەکانی (تۆفان و کەشتی نوح) کە کلیلە وشەی بەیتە شیعرەکە و بنیاتی درووستبوونی وینەی هەردووک بەیتەشیعرەکەن لە هەردوو شیعرەکەدا هەن. کیشی شیعرەکەی (حافظ)کێشی عەروزی بەحری (ڕەمەلی هەشتی مەخبونی ئەسلەم)ە (ئەکرەم عەنەبی:2008:123)، ئەگەرچی (صافی) هەر بە کیشی عەروز، بەڵام بە بەحری جیاواز شیعرەکەی هۆنیوەتەوە کە بەحری(هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزەف)ە (عزیز گەردی، 1383 هـ ش: 443).

(حافظ) دەڵێت:

**کوتە نکند بحث سرزلـــف تو حـــافــظ**

**پیوستە شد این سلسلە تا روز قیامت** (دیوان حافظ، 1384هـ ش: 73)

واتە: ((حافظ) باسی سەری زولفی تۆ کەم ناکاتەوە و دوایی پێنایەت، ئەم زنجیرە بەردەوام دەبێت تا رۆژی قیامەت). (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 12).

(صافی) دەڵێت:

**گیراوی سەری زوڵفی تۆ تامردنە قوربـــــان**

**چۆن باوەڕە حەپسی تۆ کە لەم قەیدە رەهایە** (دیوانی صافی، 1973: 48)

ڕزگاربوون لە زنجیری زوڵفی یار لای (حافظ) و (صافی) یەك شێوەن و جەزبەی عەشقی ئاسمانی بەخۆیەوە لکاندون و هەروەها تا رۆژی قیامەت ئەم رازی عەشقەیان بۆ روون نابێتەوە دەستی لێ هەڵناگرن، هەر ئەم لێکچوونی وێنەییەش بۆتە بەڵگەی کاریگەریی (حافظ) لەسەر (صافی).

کێشی شیعرەکەی (حافظ) کێشی عەروزی بەحری (هەزەجی هەشتی مەکفوفی مەحزوف)ە، کە هەمان کێش و بەحری شیعرەکەی (صافی)یە، سەروای شیعرەکەی (حافظ) (امت)ە، بەڵام سەروای شیعرەکەی (صافی) (ایە)یە.

هەروەها هاوشێوەی بەیتی پێشوو (حافظ ) دەڵێت:

**ازین مرض بەحقیقت شفا نخواهـــم یافت**

**کە از تو دردل ای جان نمیرســد بەعـــلاج** (دیوان حافظ، 1384هـ ش :78)

(صافی) دەڵێت:

**بێ دەوایی وەصڵەکەت دەردم عیلاجی ناکـــرێ**

**دەردی بێ دەرمان هەتاکەی دەردودەرمانم وەرە** (دیوانی صافی، 2004: 200)

دووری یار و نەهاتنی یار تووشی دەردی کردون و رزگاربوون لێی مەحاڵە بێ وەسڵی یار، هەردوکیان دان بەو راستییەدا دەنێن کە نەهاتنی یار دەردی پێداون و بە هاتنی یار عیلاجی دەردیان دەکرێ، هەریەك لە وشەکانی (دەرد، دووری، یار، عیلاج نەکردن)کە کلیلە وشە و بنیاتی درووستبوونی وێنەی بەیتەکەن لەهەردووک شیعرەکەدا هەن و (صافی) بە کاریگەری (حافظ) ئەم دێرەی نوسیوە و ناوەرۆکیان یەك بەرگیان پۆشیوە.

کێشی شیعرەکەی (حافظ) کێشی عەرووزی بەحری (مجتسی هەشتی مەخبونی مەحزوف)ە، بەڵام کێشی شیعرەکەی صافی کیشی عەرووزی بەحری (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)ە. ( عزیز گەردی، 1383 هـ.ش: 444).

سەروای شیعرەکەی حافظ (اج)ە، بەڵام سەروای شیعرەکەی صافی (ان)ە.

(حافظ) دەڵێت:

**نفاق و زرق نبخشد صفای دل حافـــظ**

**طریق رندی و عشق اختیار خواهم کرد** (دیوان حافظ، 1384هـ.ش: 103)

واتە: (دووری ریاکاری سەفا و خۆشبەختی بە دڵ نابەخشێت، (حافظ) ڕێگەی ڕەندی و عەشق هەڵدەبژێرم) (ئەکرەم عەنەبی، ٢٠٠٨ب2، 242).

(صافی) دەڵێت:

**مەیلی من هەر مەستی و ڕەندی و شاهید بازییە**

**وا لەبەر میحرابی ئەبرۆت تاعەت و تەقوا دەکەم** (دیوانی صافی:2004: 174)

(حافظ )دواتر (صافی) خواپەرستی و ئیمانداری تێکەڵی عەشقی مەجازی دەکەن، وەك روونە لە غەزەلدا شاعیرانی سەر بە سەبکی عێراقی تێکەڵییەك لە هەردوو عەشقی ئاسمانی و زەمینیدا دەگونجێنن و هەریەك لە (حافظ) و (صافی) خواپەرستی لەبەر گەیشتن بە خوا دەکەن و هۆی تەقواکەیان بۆ گەیشتن بە عەشقی ئاسمانی دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئەم کاریگەریی وێنەیە یە کە (صافی) لە (حافظ)ی وەرگرتووە.

کێشی شیعرەکەی حافظ، کێشی عەرووز و بەحری (مجتەسی هەشتی مەخبونی ئەسلەمی مەسبوخ)ە (ئەکرەم عەنەبی: 2008: 242)، بەڵام کێشی شیعرەکەی صافی کیشی عەروز و بەحری (ڕەمەلی هەشتی مەحزوف)ـە. ( عزیز گەردی، 1383 هـ.ش: 442). سەروای شیعرەکەی حافظ (ار)ە، بەڵام سەروای شیعرەکەی صافی (ا)یە.

حافظ دەڵێت:

**در ازل بست دلم باسر زلفت پیوند**

**تا ابد سر نکشد و زسرپیمان نرود** (دیوان حافظ، 1384هـ.ش: 161)

واتە: (لە ئەزەلدا دڵم پیمانی لەگەڵ سەری زوڵفتدا بەستووە، تائەبەد وازناهێنێ و پەیمان ناشکێنێ). (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 165)

(صافی) دەڵێت:

**دەمێکە بەندی چینی پەرچەم و پێچاوی کاکۆڵم**

**بە دایم زاروخەستەدەست بەسەری زوڵفی تاتاتم** (دیوانی صافی،2004: 167)

لای (حافظ) و (صافی) یەخسیری نێوان دڵ و زوڵفدا هەیە و لێی دەرباز نابن و خۆیان وابەستەی دڵیان کردووە و دڵیش یەخسیری بۆ زوڵفی یار ڕاگەیاندووە و کاریگەرییەکەی (حافظ) بەسەر (صافی)دا لەڕووی وێنەی هونەرییەوەیە.

کێشی شیعرەکەی (حافظ) کیشی عەرووزی بەحری (ڕەمەڵی هەشتی مەخبونی مەحزوف)ە. (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 242) بەڵام کێشی شیعرەکەی (صافی) کێشی عەرووز و بەحری (هەزەجی هەشتی تەواو)ە. (عزیز گەردی، 1383 هـ ش: 442).

سەروای شیعرەکەی صافی(ات)ە، بەڵام سەروای شیعرەکەی حافظ (ان)ە.

هەمیشە باس لەوە دەکرێ کە (صافی) دەنگخۆش و گۆیندەی هەبوونە و تێکەڵی دونیای مۆسیقا و غەزەلخوانی بووە، هونەرمەندان و موتریبانی دەوروبەری هیران زوو لەدەوری (صافی) کۆبوونەتەوە و دڵ و دەروونی خۆیان بە ئاواز پاککردۆتەوە، (حافظ) زۆر لەپێش (صافی) هەواداری بۆ گۆرانی و مۆسیقا و دەنگ و زەنای دەروێشان لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، وەك دەڵێت:

**مطربا مجلس انس است غزل خوان و سرود**

**چندگویی کەچنین رفت و چنان خواهدشد** (دیوان حافظ،1384هـ ش:122)

واتە: ئەی موتریب مەجلیسی هاودەمییە غەزەل و سرود بخوێنە، چەند باسی ڕابردوو (ئاوا تێپەڕی) و داهاتوو (ئەوا دەبێ) دەکەیت. (ئەکرەم عەنەبی، ٢٠٠٨ ب2، 378).

(صافی) دەڵێت:

**ئەی موطریبی حەریفان دەستکە بە نەغمە خوانی**

**ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع ئەکا غەمانی** (دیوانی صافی، 2004: 247)

شیعرەکەی حافظ لەسەر کیشی عەرووز و بەحری (ڕەمەلی هەشتی مەخبونی ئەسلەمە)ە(ئەکرەم عەنەبی، 2008: 378)، بەڵام کێشی شیعرەکەی صافی کێشی عەرووز و بەحری (موزاریعی هەشتی ئەخرەب)ـە ( عزیز گەردی، 1383 هـ ش: 445)، سەروای شیعرەکەی حافظ (ان)ە و سەروای شیعرەکەی صافی (انی)یە.

یانیش

(حافظ) دەڵێت:

**ساقی بە نور بادە بر افروز جام ما**

**مطرب بگو کە کار جهان شد بکام ما** (دیوان حافظ، 1384هـ ش:20)

واتە: (ساقی پێکی ئێمە بە نوری شەراب رووناککەرەوە و گۆرانیبێژ گۆرانی بڵێ، چونکە کاری دونیا بەویستی ئێمەیە). (ئەکرەم عەنەبی، ٢٠٠٨ ب١: 81)

(صافی) دەڵێت:

**موتریب بەساز و نەی بێ ساقی بە جامی مەی بێ**

**تا عاجزیمە طەی بێ رووکەینە شادمانی** (دیوانی صافی، 2004: 247)

شیعرەکەی حافظ لەسەر کیشی عەرووز و بەحری (موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف)ە. (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 81)، بەڵام کێشی شیعرەکەی صافی کێشی عەرووز و بەحری (موزاریعی هەشتی ئەخرەب)ە ( عزیز گەردی، 1383 هـ ش: 445)، سەرواى شیعرەکەی حافظ (ام)ە، بەڵام سەرواى شیعرەکەی صافی (انی)یە.

لەم دوو بەیتەی سەرەوەدا (حافظ) دەیەوێ بە مەجلسی مەی خواردنەوە و گۆرانی و مۆسیقا خۆی لە غەم و ناخۆشی ئاوابکات و (مەی و مۆسیقا)، کە خۆراکی رۆحی مرۆڤن، خۆی پێ لەخەم رزگاردەکات. هەمان دیاردەش (صافی) بە کاریگەری (حافظ) دووبارەی کردۆتەوە و کاریگەرییەکەی (حافظ) بەسەر (صافی) دا روون و ئاشکرایە.

دیاردەیەکیتر لای (حافظ) دەبینرێ، کە دواجار (صافی) پێی کاریگەر بووە، ئەویش خواپەرستی لەبەر خاتری مەعشوق. وەك دەڵێت:

**همە کس طالب یا راند چە هشیار و چە مست**

**همە جا خانە عشق است چە مسجد چەکنشت** (دیوان حافظ، 1384هـ ش: 61)

واتە: (هەمووان یاریان دەوێت، چ هۆشیار چ مەست، هەر شوێنێ ڕووی تێدەکەی ماڵی عەشقە چ مزگەوت و چ پەرستگای کافران). (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 514)

(صافی) دەڵێت:

**لەبەر مەیلی مەیی عەشقی تووە یاری وەفادارم**

**لە تەکییەوخانەقا دەرچووم خەریکی دەیر و زیننارم** (دیوانی صافی، 2004: 168)

(حافظ) لەپێناو مەعشووقەکەیدا بۆی گرنگ نییە ئەو شوێنەی عیبادەتی تێدا دەکات چ شوێنێکە، مزگەوت و خانەقایە یا دیر و پەرستگای کافرا، گرنگ ڕاگرتنی دڵە مەعشووقە. هەمان دیاردەش لای (صافی) دووبارە بووەتەوە.

شیعرەکەی حافظ لەسەر کیشی عەرووز و بەحری (ڕەمەڵی هەشتی مەخبونی مەقسور)ە. (ئەکرەم عەنەبی، 2008: 513)، بەڵام کێشی شیعرەکەی صافی کێشی عەرووز و بەحری (هەزەجی هەشتی تەواو)ە ( عزیز گەردی، 1383هـ ش: 442)، سەرواى شیعرەکەی حافظ (شت)ـە، بەڵام سەرواى شیعرەکەی صافی (ار)ە.

## ئەنجامەکان

1/ ڕۆشنبیری شاعیرانی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی فارسی بەگشتی و دیوانەکانی خیام و سەعدی و (حافظ) و مەولانای رۆمی و گەنجەیی و چەندان بەرهەمیتر لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان خوێندراون و ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەدەبیاتی فارسی پەیدا کردووە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

2/ لەدەرەوەی ئەدەب و ناوەوەی ئەدەبەکەش شوێنی پێکگەیشتنی ئەدەبەکان دیارە و لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە لێکچوونێکی ئاشکرا هەیە.

3/ (صافی) زمانی فارسی بەباشی زانیوە و بەسەر زمانی فارسیدا زاڵبووە و لە کۆی (٢١٨ شیعر)، (١٤٩ شیعر)ی بە زمانی فارسی نووسیوە، وێڕای بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و ڕستەی فارسی لە شیعرەکانیدا.

4/ لە شیعرە فارسییەکانیشیدا کاریگەری (حافظ)ی بەسەرەوەیە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنێ شیعرە کوردییەکان وەرگیراون و فارسییەکان فەرامۆشکراون، چونکە لێکۆڵینەوەکە بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی ئەنجامدراوە، کە لەپاڵ پەیوەندی مێژوویی، زمانی جیاواز مەرجی بەراوردین.

5/ کاریگەری (حافظ)ی شیرازی بەسەر (صافی) هیرانییەوە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ و کاریگەرییەکان بەربڵاو و زیرەکانەن و لە ڕووی پەیوەندی مێژوویی ئەدەبیاتی ئەم دوو نەتەوەیە بەگشتی و پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەربوونی حافظی شیرازی لەسەر صافی هیرانی بەتایبەتی بە گەشی هەستی پێدەکرێت، ئەمە وێرای ئەوەی (صافی) غەزەلێکی (حافظ)ی کردووە بە کوردی و دواتریش چوارخشتەکییەکی لەسەر داناوە و کاریگەری حافظی شیرازی بە ئاشکرا لەسەر خۆی (صافی هیرانی) دەرخستووە.

6/ (صافی) لە گواستنەوەی وێنە شیعرییەکان جێ دەستی دیارە، لە دارشتنی هەندێ وێنەدا وێرای کاریگەری حافظ لەسەر شیعرەکانی، کەچی لە هی (حافظ) جوانتر و هونەریترن، کە ئەمەش ئامانجێکی بەدیهاتووی بنەڕەتی کاریگەربوونی شاعیرانە بە ئەدەبیاتی بێگانە.

7/ لەڕووی ڕوخساریشەوە، کاریگەری شیرازی بەسەر هیرانییەوە دیارە، بەتایبەتی لەڕووی کێش و سەرواوە بەشێک لەو شیعرانەی (صافی)، کە کاریگەریی (حافظ)یان لەسەرە، هەمان کێش، یان هەمان سەروای شیعرەکانی (حافظ)ن.

## سەرچاوەکان

### کوردی

**کتێب:**


- ئالیکساندەر دیما (2011)، پرەنسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد، و. ئەنوەر قادر محەمەد، چا. کەمال، سلێمانی.
- ئەکرەم عەنەبی (2008)، مەحرەمی راز، چا. خانی، دهۆك.
- د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان (2014)، بەراوردی ئەدەبی، چا. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- دیوانی (حافظ)ی شیرازی (1387)هـ.ش.، شەونم، و. عەباسی حەقیقی، چا. ئینتشاراتی کوردستان، سنە.
- دیوانی صافی (2004)، محەمەدی مەلا مستەفای هیرانی، چا. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- دیوانی صافی (1973)، گیو موکریانی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
- د. ڕێزان سالح مەولود (2013)، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانییدا، چا. حاجی هاشم، هەولێر.
- د. عەبدوڵا خدر مەولود (2013)، الایا ایها الساقی و دوازدە بابەتی تر، چا. رۆژهەڵات، هەولێر.
- عەزیز گەردی (1978)، ئەدەبی بەراوردکاری، چا. کۆری زانیاری کورد- بەغدا، بەغدا
- د. کمال معروف (2007)، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری، چاپی یەکەم، جاپخانەی یاد، سلێمانی.
- محەمەد عبدالسلام کەفائی (2011)، ئەدەبی بەراوردکاری، و. هەژار رەحیمی، چا. رۆژهەڵات، هەولێر.


**گۆڤار:**


- د. مارف خەزنەدار (2007)، ئەدەبی بەراوردکاری و پەیدابوونی لای ئێمە، گ. ئەکادیمی، ژ5، هەولێر.
- محەمەد ئەحمەد حەسەن (2007)، ئەدەبی بەراوردکاری و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی، گ. ڕامان، ژ125، 10/5.
- عەزیز گەردی (1383 هـ.ش)، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، انتشارات سامرند، چاپ اول، پیرانشهر.
- دکتۆر محەمەد نووری عارف (١٩٧٤)، تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ــ زانستگای بەغدا،چاپخانەی معاریف، ژ. ١٨، بەغدا.

**نامەی ئەکادیمی:**

- عیماد وەیسی خالید (2003)، بەراوردکردنی داستانی (شێخی سەنعان)ی عەتاری نیشاپووری و فەقێی تەیران، ز.دهۆك.
- سەردار ئەحمەد حەسەن (1993)، (صافی) ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، ز. سەلاحەدین.

**عەرەبی**

**کتێب:**

- د. محمد غنیمی هلال (١٩٧٧ ) ، الادب المقارن، دار عدوه الثقافه، ط5، بیروت
- د. عبده عبود (1999)، الأدب المقارنه، مشكلات وافاق، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- عزالدین المناصرة (1988)، مقدمة فی نضریة المقارنة، ط١، عمان.

**فارسی**

- دیوان حافظ (1391)هـ.ش.، براساس نسخه غنی قزوینی، ناشر: پیمان، چاپ ششم، تهران.

# چکیده

## (تأثیرات حافظ شیرازی بر صافی هیرانی)

عنوان این مقاله (تأثیرات (حافظ شیرازی) بر (صافی هیرانی))میباشد که از قوانین مدرسه ادبیات تطبیقی فرانسوی برای ابراز این تاثیرات استفاده شده‌است.

ساده‌ترین تعریف تأثیرگزاری در ادبیات تطبیقی این است، که یک یا برخی از نویسندگان برأساس خواندن و دنبالکردن آثار و ادبیات نویسندگانی از مللهای دیگر تأثیرات ادبیات آنها را میپذیرند، به‌همین خاطراست که اغلب منتقدان و نویسندگان بر این باورند که ادبیات خالص از تأثیرپذیری در هیچ جای دنیا وجود ندراد و همه ادبیات زنده دنیا کم و بیش تأثیر ادبیات دیگر را پذیروفته‌اند.

ادبیات کوردی نیز از این قاعده استثنا نیست، از خیلی قبل تا کنون این تأثیرات را پزیرفته‌است و به‌خصوص تأثیرات ادبیات فارسی بر ادبیات کوردی انکار نمیشود و این در آثار شاعران کورد ورودش از طرایق گوناگون آمده‌است.

(صافی هیرانی) یکی از شاعران کورد است که تأثیرات ادبی خودش را از بزرگ شاعر ایران (حافظ شیرازی) گرفته‌است. صافی فارسی دان خوبی بوده‌است جوری که در مجموع اشعار ایشان که شامل (218) قطعه شعر میشود، (149) تا از این اشعار را به فارسی سروده‌است و فقط (55)تا از این مجموعه را به کوردی سروده‌است، این مجموعه علاوه بر این که به یک فارسی روان سروده شده‌اند، از لحاظ فرم و محتوی هم سبک و طرز تفکر حافظ در آن پیدا هست.

سعی این مقاله بر این است که این ارتباط و تأثیرات را نیشان بدهد از لحاظ فرم و محتوی، بنابر متود توصیفی و قوانین مدرسه ادبیات تطبیقی فرانسوی

در مقالات و پژوهشهای قبل از این مقاله بیشتر تمرکز بر تأثیرپذیری شاعران سه‌گانه مدرسه ادبی بابان(سێ کوچکەی بابان) بوده‌است و پژوهشگران اندک باری از این دائیره تجاوزکرده‌اند، پس این مقاله از این اهمیت برخوردار است که از صافی به‌عنوان دنباله و شاگرد زرنگ این مدرسه شیعری به کاویدن و بررسی بپردازد، تفاوت دیگر این مقاله با مقاله‌های قبل از خود، این است که از پژوهش یک جانبه برخوردارنیست، بلکه دارای پژوهش جوانب فرم و محتوا است.

این مقاله بر دو بخش تقسیم شده‌است:

بخش اول: در این بخش سعی مان بر این بوده‌است که به‌عنوان مقدمه و آغاز تعریفی از ادبیات تطبیقی بنابر مدرسه ادبیات تطبیقی فرانسوی نشان بدهیم و به تأثیرگذاری ادبیات مللهای دیگر بر ادبیات کوردی بپردازیم، از جمله ادبیات فارسی.

بخش دوم: در این بخش سعی کردیم که تأثیرپذیری (صافی) از ادبیات میللهای دیگر، از جمله ادبیاتی فارسی مطرح بکنیم و از طریق ادبیات تطبیقی و وجهه‌مشترکها و تشابهات ادبی میان اشعار (صافی) و (حافظ) از لحاظ فرم و محتوی بررسی کنیم.

در آخر هم به مهمترین نتایج بەدست آمده به این مقاله خاتمه دادیم.

واژگان کلیدی: ادبیات تطبیقی، تأثیر گزاری، تأثیرپذیری، حافظ شیرازی، صافی هیرانی.


## ملخص البحث

### (تأثير الحافظ الشيرازي على الصافي الهيراني)

(تأثير الحافظ الشيرازي على الصافي الهيراني) عنوان لهذه الدارسة التي تمت وفق منهج المدرسة الفرنسية.

إنّ من أبسط تعاريف التأثير هو أنّ كاتبا أو مجموعة من الكتّاب يقعون تحت التأثير نتيجة القراءة والتأثر بثقافة وفكر أمة أخرى، وينعكس هذا التأثر بوضوح في كتاباتهم ونتاجاتهم الفكرية، لذا يرى الكثير من الكتاب أنّ الأدب الراقي والطاهر ليس بمنأى عن الآخرين، بل إنّ معظم الكتابات الأدبية تقع تحت تأثير غيرها من الكتابات.

لم يخرج الأدب الكوردي - قديما وحديثا- من هذه التجربة وعن هذا التأثير، لا سيما تأثير الأدب الفارسي وتجربته، والذي برز من خلال عدة طرق في الأعمال الأدبية لشعرائنا.

يعدّ الشاعر (الصافي الهيراني) من أحد هؤلاء الشعراء الذين وقعوا تحت تأثير الحافظ الشيرازي، كان الصافي الهيراني ملما باللغة الفارسية، حيث كتب (149) قصيدة باللغة الفارسية و(55) باللغة الكوردية من مجموع (218) قصيدة، تظهر في هذه القصائد علاوة على لغة فارسية فصيحة، تظهر فيها أسلوب وفكر الحافظ الشيرازي من حيث المظهر والمضمون.

تظهر أهمية هذه الدراسة في كونها تحاول إبراز تأثر أحد الشعراء البارزين لمدرسة بابان، لأنه وحسب علمنا تم تكريس معظم الدراسات السابقة لشعراء مثلث بابان ، ولم تحظ غيرهم بالاهتمام إلا نادراً ، لذا أردنا أن نخصص هذا العمل بهذا الشاعر، وأن نجعل عملنا مميزا عن بقية الأعمال السابقة، من حيث الاهتمام بالمظهر والمضمون، أي لا تركز الدراسة على جانب واحد فقط.

واقتضت طبيعة الدراسة وتركيبتها، أن تقسم على فصلين وفق خطة علمية ما عدا المقدمة التي تعد بمثابة مدخل إلى الدراسة:

الفصل الأول: يحتوي هذا الفصل على ثلاثة مباحث: المبحث الأول: (مدخل إلى الأدب المقارن)، والمبحث الثاني: (مبادئ مدرسة الأدب الفرنسي وكيفية تطبيقها)، والمبحث الثالث: (الأدب الكوردي وتأثره بالأدب الأجنبي).

الفصل الثاني: انقسم هذا الفصل إلى مبحثين: المبحث الأول: تأثر الصافي الهيراني بالأدب الأجنبي وأسبابه)، أما المبحث الثاني والذي يتعلق مباشرة بعنوان الدراسة هو( المقارنة بين شعر الصافي والحافظ) من حيث جانبي المظهر والمضمون.

وفي الأخير تم عرض أهم النتائج المستخلصة من هذه الدراسة المقارنة، مع قائمة المصادر المعتمدة في الدراسة وملخص الدراسة باللغات ( الفارسية والعربية والانجليزية).

الكلمات المفاتحة: الأدب المقارن، التأثير، التأثر، الحافظ الشيرازي، الصافي الهيراني.



## ABSTRACT

### The Influence of Hafez Shirazi on Safi Hirani

The title of this research is (The influence of Hafiz Shirazi on Safi Hirani) which is done depending on the principles of French comparative school.

A simple definition of influence is when an author or some authors are influenced by the thoughts and writings of other author/ authors in another nation, and this can be noticed in their writings and works. Hence, according to the view of many authors, there is no independent and detached literature; every literature is impressed and influenced by another literature in some way.

Kurdish literature, both classic and modern, is also influenced by other nations’ literature especially Persian literature, and this influence is reflected in many ways in the works of Kurdish poets. (Safi Hirani) is one of the Kurdish poets who is affected by the Iranian famous poet (Hafez Shirazi). Safi was very good at Persian language which enabled him to write (149) poems in Persian, while only (55) of his poems were written in Kurdish. Beside good and fluent Persian in these poems, the effect of Hafez’s thoughts and style can be observed in both the form the content of these poems.

Consequently, this research is an attempt to show this impact and influence in both form and content depending on the descriptive method as it is elucidated in French comparative school. The significance of this research is in depicting how a prominent poet (Safi Hirani) in Baban school of Kurdish poetry is influenced, since the studies that are conducted before this, are entirely dedicated to the three poets (Nali, Salim, Kurdi) who have been referred to

as the three angles of the Baban school of Kurdish poetry, while the other poets are rarely mentioned. Therefore, this research is dedicated to this poet (Safi Hirani). Another point that makes this research to be different and important is that it focuses on both the form and the content.

The nature and the structure of the research demands to have two chapters beside introduction and abstract. The first chapter includes three sections: the first section is an introduction to comparative literature. The second section is about French literary school and its application, while the third section is dedicated to Kurdish literature and how it's influenced by foreign literature.

The second chapter is also divided into two sections. The first one is devoted to Safi Hirani; it shows how and why he was influenced by foreign literature. The second section, which is totally related to the title of the research, is dedicated to the comparison between Safi and Hafez's poems in both form and content. Finally, the conclusion of this comparative study will be presented along with the references and the abstract in Kurdish, Persian and English language.

Keywords: Comparative Literature, Influential, Influenced, Hafiz Shirazi, Safi Hirani.